
# ئەوپەڕی چاکە، کە لە تواناتدایە ئەنجامی بدەیت

دیدار لەگەڵ پیتەر سینگەر

**سازدانی: حەسەن ئەلشەریف***

وەرگێڕانی: ئاکۆ قادر



١٧ی حوزەیران ٢٠٢٦ هەڤپەیڤین

- **ڕێگە بدە با لە دەستپێکی ئاشنابوونت بە فەلسەفەوە دەست پێ بکەین، وەک خوێندکارێک، چ فەیلەسووفێک لەو کاتەدا کە لە سەرەتای گەشتە فەلسەفییەکەتدا بوویت، زۆرترین کاریگەری لەسەرت هەبووە؟ چۆن وەسفی ئەو کاریگەرییە دەکەیت؟**

* حەسەن ئەلشەریف مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی تیبە، هاودامەزرێنەری سەنتەری سعودییە بۆ فەلسەفە و ئەخلاق (سکۆپ-) ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ پیتەر سینگەر ساز کردووە و لە بەرواری ٧ی ئاداری ٢٠٢٤ لە ماڵپەڕی عەرەبی مانا نێت- https://mana.net/ بڵاوبووەتەوە.

**سینگەر:** کاتێک خوێندکاری زانکۆ بووم، کاریگەرترین فەیلەسووف لەسەرم "**هنری جۆن مەککلۆسکی**-H.J. McCloskey" بوو، کە یەکەمین کۆرسی ئەخلاقی پێ وتم. ئەمەش لە بەشی فەلسەفەی لە زانکۆی مێلبۆرن بوو، کە زۆر کاریگەریی **ڤیتگنشتاین** و **جۆن ئۆستن** و فەلسەفەی "زمانی ئاسایی" لەسەر بوو، کە بریتییە لە شیکردنەوەی واتای وشەکان. مەککلۆسکی لەسەر تەرزی کۆن ئەژمار دەکرا، چونکە لەو کاتەدا هێشتاکە بڕوای وابوو کە مشتومڕکردن لەسەر پرسە جەوهەرییەکانی ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسی، کارێکی سوودبەخشە. بەلای منەوە، ئەوە زۆر مایەی گرنگیپێدان بوو -لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی شیکردنەوەی زمانەوانییەوە، دەکرێت جیاوازییەک لەسەر ئاستی جیهاندا درووست بکات. هەرچەندە زۆر ناکۆک بووم لەگەل مەککلۆسکی لەبارەی ئەو بابەتە ئەخلاقییە جەوهەرییانەوە، بەڵام ئەگەر ئەو نەبوایە، پێ نەدەچوو لەگەڵ فەلسەفەدا بەردەوام بم.

- **لە ماوەی گەشتە فەلسەفییەکەتدا کە دەگاتە ٥٥ ساڵ، ئەو ڕووداوە (یان ڕووداوانە) چی بوو کە بەهۆیەوە دەرکت بەوە کرد کە لە ڕێگادای بەوەی ببیتە زیاتر لە فەیلەسووفێکی ئاسایی؟ پرۆفیسۆر سینگەر، چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەم بەشە ژیانتدا کرد؟**

**سینگەر**: ڕووداوە یەکلاکەرەوەکە لە ساڵی ١٩٧٠دا ڕووی دا، کاتێک خوێندکاری خوێندنی باڵا بووم لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. خوانێکی نیوەڕۆ بە ڕێککەوت، لەگەڵ ڕیچارد کیشن – کە خوێنکارێکی کەنەدیی خوێندنی باڵا بوو- ژیانی گۆڕیم، چونکە کاتێک مەعکەرۆنیی سپاگێتی بۆ پێشنیاز کرا، پرسیاری کرد ئایا گۆشت لە ناو سۆسەکەدایە، کاتێک پێی وترا بەڵێ تێیدایە، ڕەتی کردەوە قاپەکە وەربگرێت. من پێشتر ڕێککەوتی هیچ ڕووەکخۆرێکم(vegetarian)

نەکردبوو، بۆیە پرسیارم لێ کرد بۆچی گۆشت ناخوات. پێی گوتم شتێکی درووست نییە ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ ئاژەڵاندا دەیکەین پێش سەربڕینیان بۆ خواردن. سەرم سوڕما. بێگومان دەمزانی ئاژەڵەکان سەر دەبڕدرێن بۆ دابینکردنی گۆشت بۆمان، بەڵام هیچ زانیارییەکم نەبوو لەسەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ خواردن بەخێو دەکرێن تێدەتەپێنرێنە نێو گەوڕ و تەویلەکانەوە، کە ئەمەش وایان لێ دەکات ژیانێکی مەینەتبارانە بژین، کە بە هیچ بەشێوەیەک ناگونجێت لەگەڵ پێویستییەکانیاندا. ئەمەش پاڵی پێوەنام کە بیر بکەمەوە لە ئەخلاقیبوونی مامەڵەمان لەگەڵ ئاژەڵەکاندا، دەرکم بەوە کرد کە من ناتوانم بەرگری لەوە بکەم. لەو کاتەدا خوێندکاری خوێندنی باڵا بووم لە فەلسەفەدا، و بەتایبەتی تەرکیزم لەسەر ئەخلاق بوو، کەچی هەموو ڕۆژێک شتێکم دەکرد کە چیتر نەمدەتوانی پاساوی بۆ بهێنمەوە. بۆیە وازم لە خواردنی گۆشت هێنا و بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی ڕیشەیی بیرکردنەوەم لەبارەی ئەخلاقەوە گۆڕا، نەک تەنیا بیروڕام، بەڵکوو ژیانی ڕۆژانەشم. ئەمەش منی لە "فەیلەسووفە ئاساییەکان" جیا کردەوە، وای لێ کردم ببمە یەکێک لە داکۆکیکەرە سەرەتاییەکانی "ئەخلاقی کردەیی-پراکتیکی".

- **پرۆفیسۆر سینگەر، با کەمێک بچینە نێو گفتوگۆوە لەبارەی کارە فەلسەفییەکانت. زۆربەی کارە فەلسەفییەکانت لەبارەی ئەخلاقەوەیە، بۆچی ئەخلاق لە پێشینەی کارەکانە لای تۆ؟**

**سینگەر**: من لە ڕاستیدا هەندێک سەرەداوم لەبارەی ئەو پرسیارەوە پێ دایت. ئەخلاق لە پێشینەی کارەکانمە لەبەر ئەوەی پەیوەستە بەو شێوازەی کە پێویستە ژیانی پێ بەڕێ بکەین. جیاوازییەک لە ژیانماندا درووست دەکات و

لە ڕێگەی کردارەکانمانەوە کاریگەری لەسەر جیهانیش دادەنێت. چ بوارێکی تر هەیە بەو شێوازە ژیان بگۆڕێت وەک ئەوەی خوێندنی ئەخلاق دەیگۆڕێت؟

- **بێگومان، ئەخلاق جیاوازییەک لە ژیانماندا دروست دەکات، بەڵام هێشتاکە سەرم سوڕماوە بۆچی پێت وایە تێگەیشتن لەوەی "پێویستە چۆن بژین" کاریگەریی زیاترە لەسەر ژیانمان تا تێگەیشتن لەوەی "چۆن پێویستە بزانین" -بۆ نموونە- یان لە تێگەیشتن لەوەی "چۆن لە واقیعدا دەژین و دەزانین"؟**

**سینگەر**: ئەگەر مەبەستت لە دەربڕینی "تێگەیشتن لەوەی چۆن پێویستە بزانین" تێگەیشتن بێت لەوەی کام ڕێگەیە دروستە پشتی پێ ببەسترێت بۆ ناسینی ئەوەی کە ڕاستە، و کامەشیان وا نییە، ئەوا ئەمە پرسیارێکی زۆر سەرنجڕاکێش و گرنگە. **ستیڤن بینکەر** بەم دوایانە کتێبێکی نایابی لەبارەی ئەم بابەتەوە بڵاو کردەوە، بە ناونیشانی "**عەقڵانیەت: چییە؟ بۆچی دەگمەن دەردەکەوێت؟ و بۆچی گرنگە؟**"، کە من پێشنیاری دەکەم بۆ خوێنەران. ڕەنگە ئەم بوارە لە فەلسەفە و دەروونناسیشدا، بە هەمان شێوەی بوارە ئەخلاقییەکە بتوانێت ژیان بگۆڕێت. لە لایەکی ترەوە، لەو بڕوایەدام تێگەیشتن لەو شێوازەی کە لە واقیعدا پێی دەژین، چاوەڕوان ناکرێت ژیانمان بگۆڕێت، یان لانی کەم دوورە لەوەی بیگۆڕێت مەگەر هاوشان بێت لەگەڵ هەڵوێستێکی ئەخلاقیدا. ئەوەش لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لە چۆنیەتیی ژیانمان بابەتێکی وەسفییە (Descriptive). کە ئەو پرسیارە ناوروژێنێت: ئایا ئەمە باشترین شێوازی ژیانە؟ خستنەڕووی ئەم پرسیارە، ئەرکی بوارە ئەخلاقییەکەیە.

- **پرۆفیسۆر سینگەر، با بچینە سەر ئەو ناڕەزایەتییەی کە ڕەنگە لەسەر گرنگیدان بە بواری ئەخلاق بخرێنە ڕوو. هەندێک کەس دەشێت دژی گرنگیدان بە ئەخلاق بن، بە تایبەتی وانەوتنەوەی ئەخلاق، ئەوەش لەسەر ئەو**

**گریمانەیەی کە خەڵکی بڕیارە ئەخلاقییەکانیان لەســـەر بنەمای بیرکردنەوەی ئەخلاقی دادەڕێژن، لە کاتێکدا زۆرێک لە توێژینەوەکانی دەروونناسیی ئەخلاق ئاماژە بەوە دەکەن کە بڕیارە ئەخلاقییەکانمان زۆربەیان لەســـەر بنەمای حەدســـە ئەخلاقییەکانمان بونیاد نراون، تەنانەت کاتێکیش بیرکردنەوەی ئەخلاقیش بەکار دەهێنین، ئەوا بەشێوەیەکی پاشەکی (بعدی) بەکاری دەهێنین، بۆ پاســـاوهێنانەوە بۆ حەدســـە ئەخلاقییەکانمان. بەم شـــێوەیە، وا دیارە کە وانەوتنەوەی ئەخلاق کارێکی کاریگەر نەبێت، مادەم توانامان لە بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ئەخلاقیدا سنووردارە. چۆن بەرسڤی ئەمە دەدەیتەوە؟**

**ســینگەر:** وەڵامی ئەم ئاڵەنگارییەم بە ســەلماندنی پووچەڵییەکەی داوەتەوە، یان لە باشــترین دۆخدا، تەنیا بەشــێکە لە ڕاســتی. بواری ئەخلاق شــێوازی ژیانی خەڵکی دەگۆڕێت. بێگومان هەمووان بە بواری ئەخلاق کاریگەر نابن، بەڵام هەندێک پێی کاریگەر دەبن. ئەمەشــم دەمێ ســاڵە زانیوە، چونکە کەســانێک کە کتێبەکانی منیان خوێندۆتەوە یاخود هاتوونەتە پۆلەکانمەوە ئاگاداریان کردوومەتەوە کە چۆن تێفکرینەکانم ژیانیانی گۆڕیوە. ئەمەش لە ڕاســتیدا تەنیا چیرۆکگەلێکن. بەڵام لەگەڵ دوو هاوپیشـــەم، ئەوانیش ئێریک شـــویتزگێبڵ و برادفۆرد کۆکلێت، لە دوو توێژینەوەی توند کۆنترۆڵکراودا، پیشـــانمان دا کە ئەو خوێندکارانەی کە بە شـــێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون بۆ بەشـــداریکردن لە پۆلێکی گفتوگۆکردن لەســـەر ئەخلاقیاتی خواردنی گۆشـــت، دواتر داوای ئەو ژەمانەیان کردبوو کە گۆشـــتی کەمتر تێدابوو، بە بەراورد بە کۆمەڵە خوێندکارێکی هاوشـێوە کە گفتوگۆیان لەسـەر بابەتێکی جیاواز لەگەڵدا کرابوو. بڕوانە ئەم دوو توێژینەوەیە: "ئایا بابەتەکانی ئەخلاق کاریگەری لەســەر ڕەفتاری خوێندکاران دادەنێت؟ لێکۆڵینەوەی حاڵەت: وانەوتنەوەی ئەخلاقیاتی خواردنی گۆشت"، cognition، بەرگی ٢٠٣، (ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠)، (لەگەڵ ئێریک شـــویتزگێبڵ و برادفۆرد

کۆکلێت)، و "خوێندکاران برێکی کەمتر گۆشـــت دەخۆن دوای خوێندنی ئەخلاقیاتی گۆشـــت"، پێداچوونـەوەی فـەلسـەفە و دەروونناسـی ( Review of Philosophy and Psychology)، ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١، (لەگەڵ ئێریک شـــویتزگێبڵ و برادفۆرد کۆکلێت).

- **ئـایا پێت وایـە هۆکـارەکانی دەرەوەی بـەڵگـەهێنـانـەوە -وەک کـاریگـەریی یاریدەدەرانی وانـەوتنـەوە- بووبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری خواردن لای ئـەم خوێندکارانە؟**

**سـینگەر:** ئێمە لە دووەم توێژینەوەیە ئەو دوو توێژینەوەیەی کە باسـمان کرد، ئـەو بـابـەتـەمـان تـاقی کردەوە، وادیـارە وەڵامـەکـە نـەخێرە، ئـەوە پـاڵنـەری گۆڕانکارییەکە نەبووە.

- **ئایا پێت وایە درووســـت بێت کە ئەو ئەنجامەی لەبارەی ئەخلاقیاتی خواردن لەو دوو توێژینەوەیەدا پێی گەیشـــتوون، بەســـەر بوارەکانی تری ئەخلاقدا بگشتێنرێت؟ چۆن؟**

**ســـینگەر:** پێدەچێت وابێت. بـەپێی کـەســـییـەکانـەوە، زۆر لـە خـەڵکی پێیان ڕاگەیاندووم کە لەژێر کاریگەریی ئەو کۆرســـانەی کە دەیانڵێمەوە، هاندراون تاوەکوو زیاتر ببەخشـــن بەو کەســـانەی کە کەمتر لەوان بەختیان هەیە، واتە ئەوانەی لە هـەژارییەکی ڕەهـادا دەژین. هـەروەها ڕێکخراوی (ئەو ژیانەی کە دەتوانیـت ڕزگـاری بکـەیـت-The life you can save) -کـە دامـەزراوەیـەکی خێرخوازییە، خۆم دامەزراندووە، بە ئامانجی هاندانی خەڵکی بۆ کۆمەککردن بەو دامەزراوە خێرخوازییە زۆرتر کاریگەرانە لە هاوکاریکردنی ئەوانەی لە هـەژارییـەکی ڕەهـادا دەژین- پیشـــانی داوە، کـە بـەڵگـە ئـەخلاقییـەکـان بۆ یارمەتیدانی هەژاران، هاوشـــان لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لەبارەی باشـــترین

ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەو کارە، دەکرێت ببێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی بەخشەران، بە جۆرێک کە دەیان ملیۆن دۆلاری زیاتر بۆ هاوکارییکردنی هەژاران فەراهەم ببێت.

- **لە وەڵام بە تەنگەژەی ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستان لە ساڵی ١٩٧٢دا، وتارە بەناوبانگەکەت نووسی بە ناوونیشانی: "قاتوقڕی، خۆشگوزەرانی و ئەخلاق"، لەو کاتەوە تۆ بە توندی پابەندی بەم فەلسەفەیەوە، مەبەستم فەلسەفەی "ئەویتردۆستی کاریگەر"ە. دەکرێت بە کورتی فەلسەفەی ئەویتردۆستی کاریگەرمان بۆ شی بکەیتەوە؟**

**سینگەر**: ئەویتردۆستی کاریگەر فەلسەفە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. لە ڕووی فەلسەفییەوە، بیرۆکەکە بە واتای کردنی جیهان بە شوێنێکی باشتر پێویستە ببێت بە یەکێک لە ئامانجەکانمان لە ژیاندا. ئەمە بە واتای ئەوە نایە کە تاکە ئامانجی ژیانمان بێت، کەمینەیەک لە خەڵکی لە قەدیسەکانن (پیاوچاکان-saints). بەڵام دەبێت ئەوە گرنگ بێت بەلامانەوە، و مانا و ئاسوودەگی بە ژیانمان ببەخشێت. ئەمە بەشی پەیوەست بە "ئەوتردۆستییە" لە چەمکی "ئەویتردۆستی کاریگەر". بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەشی "کاریگەر"ەوە، ئەوە زۆر بە سادەیی، بریتییە لە بەدەستهێنانی باشترین بەهای گونجاو لە هەر سەرچاوەیەک کە تەرخانی دەکەیت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە خۆی لە کردنی جیهان بە شوێنێکی باشتردا دەبینێتەوە. ئەمەش ئەو بنەمایەیە کە زۆربەمان لەبەرچاوی دەگرین کاتێک شمەکێکی بەکاربردن دەکڕین، کەمێک بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر لەوە خەرج نەکەین کە پێویستمانە لە کاتی کڕینی مۆبایلێک، کۆمپیوتەرێک یاخود ئۆتۆمبێلێکی نوێدا. بەڵام ئەوەی سەیرە، کاتێک بۆ کارە خێرخوازییەکان دەبەخشین، کەمینەیەک لە

خەڵکی ئەو بنەمایە جێبەجێ دەکەن، زۆربەیان بە هەڕەمەکی پارە خەرج دەکەن، بە بێ زانینی بڕی ئەو سوودەی کە دەشێت بەخشینەکانیان بەدی بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکان دەریدەخەن کە باشترین دامەزراوە خێرخوازییەکان، ڕەنگە سەد هێندە زیاتر لە دامەزراوە خێرخوازییە ئاساییەکان کاریگەرییان هەبێت. بۆ دەستڕاگەیشتن بە باشترین دامەزراوە خێرخوازییەکان، دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕی https://www.thelifeyoucansave.org/ بکەیت.

- **ئایا ئەمە بە واتای ئەوەیە کە کەسی خاوەن باڵاترین ڕەوشت، زیاتر گرنگی دەدات بە کردنی جیهان بە شوێنێکی باشتر؟ ئەگەر بابەتەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوا ژیانی ئەخلاقیی تەواو، بە بڕوای من، ژیانێکی زۆر سەرنجڕاکێش نابێت. چونکە کەسێک کە زۆر گرنگی دەدات بەوەی جیهان بکات بە شوێنێکی باشتر، کاتی پێویستی نابێت بۆ شادی و هاوڕێیەتی و خولیاکانی... هتد. ئایا لەو بڕوایەدا نیت شتێکی هەڵە لەم تیۆرییە ئەخلاقییەدا هەبێت کە جۆرە تێگەیشتنێک لەسەر ژیانی ئەخلاقیی تەواو بەرهەم دەهێنێت؟**

**سینگەر:** بەڵکوو بە پێچەوانەوە، پێم وایە ئەمە ئەوە بە دیار دەخات کە شتێکی هەڵە لەو جیهانەدا هەیە کە ئێمە تێیدا دەژین: زۆر شت هەن کە دەتوانین بیانکەین بۆ ئەوەی جیهان بکەین بە شوێنێکی باشتر، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خەڵکی نایکەن! هەر بەو بۆنەیەوە، من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەدا کە دەڵێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەخلاقی بژی، پێویستە دەستبەرداری شادی و هاوڕێیەتی ببێت. کەمینەیەک لە ئێمە لە قەدیسەکانین، بەبێ بوونی سروشتێکی قەدیسانەی ڕاستەقینە و زۆر دەگمەن، مەحاڵە بتوانین خۆمان بە تەواوی تەرخان بکەین بۆ پرسە چاکەکارییەکان بە جۆرێک واز لە

هەموو چێژەکان بهێنین، و چیتر هیچ کاتێکمان بۆ هاوڕێکانمان نەبێت. زۆر خەڵکم بینیوە کە هەوڵیان داوە بەو شێوازە بژین، بەڵام زۆربەیان بۆ ماوەیەکی درێژ خۆیان ڕانەگرتووە و هێزیان لەبەر بڕاوە، هەر بۆیە، کاریگەریشیان زۆر کەمتر بووەتەوە بەراورد بەوەی ئەگەر کەمێک پشوویان بدایە.

- **پرۆفیسۆر سینگەر، ئەوەی سەرنجڕاکێشە لە گرنگیدانی تۆدا بە ئەویتردۆستیی کاریگەر، ئەوەیە کە تەنیا لە ڕێگەی تێڕامانە فەلسەفییەکانتەوە ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیشتەوە بەرجەستە بووە. چۆن دەکرێت تێڕامانی فەلسەفیی فەیلەسووفێک و چالاکییەکانی پێکەوە هەڵبکەن، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەویتر بشێوێنێت و وزەکەی پەرت بکات؟**

**سینگەر:** فەیلەسووف و چالاکوان دەکرێت لەناو یەک کەسدا کۆ ببنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا نا. وەک مامۆستایەکی فەلسەفە، هەمیشە هەوڵ دەدەم خوێندکارەکانم لەسەر چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی ئەرگۆمێنتەکان پەروەردە بکەم. بۆیە، ئەو بابەتانەی کە دەیانڵێمەوە هەرچییەک بن، من هەم ئەو بەڵگانە دەخەمە ڕوو کە پاڵپشتی لەو هەڵوێستە دەکەن کە خۆم گرتوومەتە بەر، و هەم ئەو بەڵگانەش کە دژ بە ڕاکانی منن. من خۆم بە بێلایەن نیشان نادەم، ئەمە کارێکی ڕاستگۆیانە نییە، و بەهەر شێوازێک بێت خوێندکارەکانم بە خێرایی ئەوەی دەدۆزنەوە کە نووسیومە. بەڵام داوایان لێ دەکەم ڕەخنە لەوە بگرن کە نووسیومە، وە دڵنیا دەبمەوە لەوەی بزانن نمرەکانیان بەستراوەتەوە بە ئاستی کوالێتی و جۆری گفتوگۆکانیانەوە، و ئەوان ئەنجامێکی زۆر باشتر بەدەست دەهێنن ئەگەر بتوانن بەڵگەی بەهێز دژ بە ڕاکانی من بدۆزنەوە، بە بەراورد بەوەی کە تەنیا هەستن بە دووبارە داڕشتنەوەی ئەوەی من نووسیومە. لە کتێب و توێژینەوە فەلسەفییەکانمدا، هەوڵ دەدەم سەرنجە

دژەکان و ڕەخنەییەکانی ســـەر ڕاکانی خۆم بە ویژدانانەترین شـــێوە بخەمە ڕوو. تەنانەت وەک چالاکوانێکیش، مامەڵەکردنی نەیارەکان بە ڕاســـتگۆیی و دادپەروەرییەوە شـــتێکی زۆر گرنگە، بەڵام ڕوونە ئەگەر ڕۆژنامەنووســـێک داوای لێدوانم لێ بکات، و بزانم کە تەنیا لێدوانێکی دەنگیی کورتم پێ دەدرێت کە پێکهاتووە لە هەشـت چرکە، ئەوا ناچارم تەنیا ئەو قسـانە بکەم کە پێم وایە زۆر ڕاسـت و لە هەموو شـتێک گرنگترن، لەوکاتەدا چیدیکە کاتێکی وا نییە بۆ دەربڕینی وەردەکارییەکانی بابەتەکە، کە هەمیشـە ئارەزوو دەکەم لەو بۆنانەدا پێشکەشی بکەم کە دەرفەتی زیاترم هەیە بۆ قسەکردن.

- **پرۆفیســـۆر ســـینگەر، کاتێک خەڵکی دەچنە نێو چالاکییەکەوە بە ئامانجی داکۆکیکردن لە دۆزێک، زۆرجار پەیوەندییەکی ســـۆزداریی بەهێز لەگەڵ ئەو دۆزەدا دروســـت دەکەن، ئـەمـەش وایـان لێ دەکـات زیـاتر ڕووبـەڕووی "بیرکردنەوەی پاڵنەرئامێز-Motivated Reasoning - التفكير المتحفز" ببنەوە، ئایا پێت وانییە کاتێک یەکێک بیەوێت ڕۆڵی فەیلەســـووف بگێڕێت، مەترســـییەک هەیە ڕووبەڕووی زەحمەتی ببێتەوە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم کاریگەرییە نەرێنییە لەسەر بیرکردنەوە؟ ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێت، ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە فەیلەسـووفەکان بەرپرسـیارێتیی ئەوەیان دەکەوێتە ئەســـتۆ کە خۆیان بەدوور بگرن لەو شـــتانەی کە وا چاوەڕوان دەکرێت ببنە هۆی خراپتربوونیان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا؟**

**سینگەر:** سـەرباری ئەو مەترسـییە ڕاسـتەقینەیەی کە ئاماژەی بۆ دەکەیت، پێم وایە کە دەکرێت، بەڵکوو پەســـەندتریشـــە لە هەندێک دۆخدا، فەیلەســـووفەکان چالاکوانیش بن. ئەمەش بە بڕوای من لەبەر دوو هۆکارە پەســـەندە، **یەکەم:** لـەبـەر ئـەوەی فـەیلـەســـووفـەکان دەتوانن داکۆکی لـەو دۆزە بکـەن کە تێیدا

چالاکن، ئەمەش لە ڕێگای هاوکارییکردن دیاریکردنی پاسـاوەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی زۆر ڕوونتر و توندوتۆڵتر بەدی بهێنن. **دووەم:** کاتێک خوێندکارەکان دەبینن مامۆسـتاکانیان لە واقیعدا گرنگی بەو پرسـانە دەدەن کە گفتوگۆیان لەسـەر دەکەن، ئەمەش لانی کەم پاڵ بە هەندێک لە خوێندکارەکانەوە دەنێت کە دەرک بەوە بکەن کە فەلسـەفە تەنیا ڕاهێنانێکی فیکری بێ ئامانج نییە، وەک چارەسـەکردنی مەتەڵێکی شـەترەنج-، بەڵکوو بابەتێکی بەڕاستی گرنگە. ئێستا، وەک پێشتریش ددانم پێدا نا، دەشێت مەترسـی ئەوە هەبێت کە چالاکوانێک لە ڕووی سـۆزدارییەوە بەشـێوەیەک وابەسـتە بێت کە ببێتە هۆی دابەزینی کوالیتیی بیرکردنەوەی سـەبارەت بەو دۆزەی کە داکۆکی لێ دەکات. بەڵام پێویسـتە فەیلەسـووفەکان دەرک بەم مەترسـییە بکەن، بەتایبەتی لە کاتی وانەوتنەوەیاندا، وە دڵنیاببنەوە لەوەی هەمیشـە تەنیا بە خسـتنەڕووی ئەو ڕوانگەیەی کە خۆیان پاڵپشـتی دەکەن سـنووردار نەکەن، بەڵکوو هەروەها پێویسـتە ئەو بەڵگانەش بخەنە ڕوو کە نەیارەکانی ئەو ڕوانگەیە دەیانهێننەوە، ناکرێت پۆلی فەلسـەفە ببێتە مەیدانێک بۆ چالاکوانی، بەڵکوو لەبری ئەوە، بەڵگەهێنانەوەکانیان هەڵبسـەنگێنرێن، نەک لەسەر بنەمای ڕادەی هاوڕابوونیان لەگەڵ بیروبۆچوونی مامۆستاکانیاندا.

- **پرۆفیسـۆر سـینگەر، با بڕۆینە سـەر بوارێکی تری ئەخلاق، وەک دەزانیت، "ژیریی دەستکرد" شێوازی ژیان و کارکردنمان دەگۆڕێت. بە بڕوای تۆ، ژیریی دەسـتکرد چ کاریگەرییەک لەسـەر بیرکردنەوەی ئەخلاقیمان دادەنێت، و دەرئەنجامێکی بۆ بواری ئەخلاق بە گشتی چین؟**

**سـينگەر:** ببوورە، بەڵام ئەمە بابەتێکی تەواو جیاواز و فراوانە و ئێسـتا کاتم نییە گفتوگۆی لەبارەوە بکەم.

- **ئەگەر تەنیا یەک ئامۆژگاریت هەبێت بۆ فەیلەسووفە لاوەکان، ئەو ئامۆژگارییە چی دەبێت؟**

**سینگەر:** بگەڕێن بەدوای ئەو بابەتە گرنگانەدا کە دەتانەوێت گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، بابەتگەلێک کە دەتوانن گۆڕانکاریی تێدا درووست بکەن. توانای عەقڵانی خۆتان بەکار بهێنن، بەشـێوازێکی ڕەخنەگرانە لەو بیرۆکانە بکۆڵنەوە کە خەڵکانی تر وەک یەکلابووەوە (بەڵگەنەویست) لێیان دەڕوانن.

- **پرۆفیسـۆر سـینگەر، سـەرقاڵییەکانی ئێسـتات چین، بابەتی کتێبی داهاتووت لەسەر چییە؟**

**سـینگـەر:** خـەریکی پێـداچوونـەوەی کتێبی "ئـازادکردنی ئـاژەڵ- Animal Liberation"م، نوێکردنـەوەی ئـەم کتێبـە لـەمێژە کـاتی هـاتووە. ئـارگۆمێنتـە فەلسـەفییەکانی بە درێژاییی سـاڵان بە بەهێزی ماونەتەوە، بەڵام زۆرێک لەو ڕاستییانەی کە لەوێدا باسـم کربوون گۆڕانیان بەسـەردا هاتووە. من هێشـتاکە گرنگی بەو پابەندییانە دەدەم کە ئێمـەی خۆشـگوزەران لە ئەسـتۆماندایە بەرامبەر ئەوانـەی کە لە هـەژارییەکی ڕەهـادا دەژین. هـەروەها جاروبار کار لەسەر ئەو پرسانە دەکەم کە پەیوەندیدارن بە بایۆئەخلاق (Bioethics)، چەندین وتارم لەسـەر ئەو بابەتانە نووسـیوە کە پەتاکە (کۆرۆنا) ورووژاندی. زۆر لە وتارە کورتە گشـتییەکانی خۆشـم بە ناوونیشـانی "ئەخلاق لە جیهانی واقیعیدا- Ethics in the Real World" کۆ کراونەتەوە، و ئێسـتا خەریکی ئامادەکردنی چاپێکی نوێی ئەو کتێبەم.

**سەرچاوە:** https://mana.net/peter-singer/